# ڕۆژی گەل

## شیعەکان دەخوازن ئەلعێراقیە بەشداری حکومەت بکات

هەریەکە لە عەممار ئەلحەکیم، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای عێراق، موقتەدا سەدر پێشەوای ڕەوتی سەدر، حەسەن شەمەری ئەندامی سەرکردیەتی حزبی فەزیلە، ڕاشکاوانە ڕایانگەیاندوە کە ئەوان لەگەڵ ئەوەدانین ئەیاد عەللاوی و لیستی ئەلعێراقیە لەبەشداریپێکردنی حکومەتی داهاتوودا دوور بخرێنەوە. هەروەها نوری مالکی سەرۆکی حزبی دەعوەش جەختی کردۆتەوە کە دەبێ عەرەبی سوننە لە کابینەی حکومەتی داهاتوو ڕۆڵیان هەبێ و پۆستیان پێبدرێت.

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە ١—٧— ٢٠٠٠ بڵاوبۆتەوە... **ژمارە(٢٣٩) یەکشەممە ١٨- ٠٤- ٢٠١٠**

# گونتەر گراس دەخوازێ دۆزی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکرێ



گونتەر گراس، فەیلەسوف و نووسەری گەورەی ئەڵمانیا، لە تورکیاوە داوای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردی کردوە.

ڕۆژنامەی ڕادیکاڵی تورکی لە زاری گونتەر گراس، براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات ڕایگەیاندوە کە کێشەی کورد بە چەک چارەسەر ناکرێ و دەبێ ڕێی ئاشتیانە هەڵبگیرێتەوە.

گونتەر گراس کە بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەی ئەدەبیاتی ئەورووپا سەردانی تورکیای کردبوو، لە شاری ئیستانبوڵ دا وتارێکی پێشکەش کردبوو، لەوێ لەبەردەم نووسەران و ڕۆژنامەنووساندا ڕایگەیاندبو کە چەندی ساڵە شەڕ درێژەی هەیە، بەڵام کێشەکە وەکو خۆی ماوەتەوەو چارەسەر نەکراوە، بۆیە دەبێ بیر لە چارەسەرکردنی ئاشتیانە بکرێتەوە.

گونتەر گراس، هەبوونی کوردی لە چوارچێوەی سنووری تورکیا بە سامان و گەنجینەیەکی کەموێنە ناوبردووەو هیوای خواستووە کە سەرکردەکانی تورکیا بتوانن سوود لەو سامانە وەربگرن، چونکە هەرگیز کێشەی کورد بە چەک و شەڕ چارەسەر ناکرێ.

جێی ئاماژەیە کە گونتەر گراس لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٧ لە دایک بووە. ساڵی ١٩٥٦ لە زانکۆی بەرلین دکتۆرای لە هونەر وەگرتووەو ساڵی ١٩٩٩ خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیاتی پێبەخشراوە.

## ئەگەر باشووری کوردستان بێ ماف بکرێتەوە، بڕیاری سەربەخۆیی دەدات!

بۆ لاپەڕە ٣

## سوورێن فایلی ژنێکی سیخوڕ، بەناوی نەسرین مەحمود بڵاو دەکاتەوە

بۆ لاپەڕە ٤

## کەناڵی نەورۆز لەنێوان وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردەدا.

بۆ لاپەڕە ٥

## ڕێژەی بەرپرسیارێتی لە کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا.

بۆ لاپەڕە ٦

## ئەگەر دەتەوێ بەختەوەرو تەندروست بیت، با ژمارەی منداڵەکانت کەم بێن

بۆ لاپەڕە ٧

## خامەنەئی بەکارهێنانی چەکی ناوەکی بە حەرام دەزانێ

ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەئی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە نامەیەکدا کە بۆ کۆنگرەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە ململانێ و دیاریکردنی سنوورێک بۆچەکی ناوەکی ڕەوانەی کردوە، جەختی کردۆتەوە کە بەکارهێنانی ئەو چەکە لە ئایینی ئیسلام دا قەدەغەکراوەو ئەوانیش بە حەرامی دەزانن.

ڕێبەری ئێران لە نامەکەیدا پەنجەی تاوانی بۆ ئەمریکا ڕاکێشاوەو ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەمریکا تاکە تاوانبارە لە جیهان چونکە کاتی خۆی ئەو چەکەی بەکار هێناوە، بۆیە دەبێ ڕیسوا بکرێ. بۆیە بانگەشەکانی ئەمریکای بۆ داماڵین و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی بە درۆ ناوبردوە.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرانی کۆماری ئیسلامی ڕەخنەی توندیان لە سیاسەتی نوێی ئەمریکا گرتوە چونکە بەکارهێنانی چەکی ناوەکی دژ بە ئێران و کۆریای باکور ڕەت ناکەنەوەو بەکارهێنانی ئەو چەکەش وەک ئەگەرێک دەهێڵنەوە و هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکەن.

## دەبێ پشتیوانی لە ئەحمەد تورک بکرێ

لە هەفتەی ڕابردودا کاتێک ڕێزدار ئەحمەد تورک لە دادگەی شاری سامسۆن دەهاتە دەرێ، تورکێکی ڕەگەزپەرست هێرشی کردە سەری و برینداری کرد، ئەو ڕووداوەش نیگەرانی لەنێو ڕای گشتی کوردستان و وڵاتانی جیهان دروست کرد، بۆیە دەست بەجێ سەرانی حکومەتی ئەنکارا تەلەفۆنیان بۆ کردو سەردانیان کرد. هەرچەندە کوردستانیان لێبڕاوانە بە نامەی ناڕەزایی و کەمپین و خۆپێشاندان دژایەتی خۆیان بۆ هێرشەکە دەربڕیوە، بەڵام پێویستە سەرجەم حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان ڕاوەستاوانە پشتیوانی لە ئەحمەد تورک بکەن، دەنگی ناڕەزایی لەبەرانبەر تورکیا بەرز بکەنەوە.

## ڕۆژەڤ

هەموو ساڵێک لە ڕۆژەکانی مانگی نیساندا، بەتایبەتیش لە ١٤ی نیسان، بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی کوردستانیانی ئەنفالکراو ڕێورەسمی جۆراوجۆر لە ناوخۆی کوردستان و لە هەندەرانیش بەڕێوە دەچن. لە زۆربەی ئەو ڕێورەسم و سیمینارو کۆڕانەدا جەخت لەسەر سیاسەتی جینۆسایدکردنی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعس دەکرێتەوەو باس لە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان دەکرێ. بە دەنگی بەرزیش دەخوازرێ کە ژیانی پاشماوەو بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان باش بکرێ، بەڵام لە واری کرداریدا تا ئێستا زۆرینەی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان بە کولەمەرگی ژیان دەگوزەرێنن. ئەو گوندو شارۆچکانەی کە وەبەر گورزی شاڵاوییش کەوتبوون، بێناز ماونەتەوەو وەکو پێویست ئاوەدان نەکراونەتەوە.

بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە گیانی پاکی ئەو مرۆڤە پاکانەی کە لەبەر ناسنامەی نەتەوەییان ڕەوانەی چاڵەکانی مەرگ کران، پێویست و لە جێی خۆی دایە، بەڵام خزمەتکردن بە پاشماوەو بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان زۆر لەوە گرنگ و پێویست و پیرۆزترە، چونکە ئیدی بە گریان، ئاخ هەڵکێشان و بەڕێوەبردنی ڕێورەسم و کۆڕو سیمینار ئەو شەهیدانە زیندوو نابنەوە، بەڵام بە خزمەتکردن و پێڕاگەیشتنی پاشماوەکانی ئەنفالکراوەکان، بە ئاوەدانکردنەوەو نوێکردنەوەی گوندو شارۆچکەکان گیانی ئەنفالکراوەکان ئاسوودە دەبێ، بنەماڵەکانیشیان بە شانازیەوە باس لە خۆشەویستە ئەنفالکراوەکانیان دەکەن. کەواتە با هەموو ساڵێک لە مانگی نیساندا بەرنامەی چڕوپڕ بۆ خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوەی گوندو شارۆچکە وێرانکراوەکان بەڕێوەبچێ و ئاوڕێکی ڕاستین لە ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بدرێتەوە.

## شەڕی ڕاگەیاندن لە نێوان کۆمەڵی ئیسلامی و حزبی شیوعی دەست پێدەکات

لەسەرو بەندی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە مانگی تەمموزی ٢٠٠٩ دا، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلام لەخۆڕاوە هێرشێکی ناڕەوای بۆسەر حزبی شیوعی و لایەنە چەپەکانی کوردستان دەست پێکرد. بەوهۆیەشەوە ساردی لە پەیوەندیەکانی نێوان کۆمەڵی ئسیلامی و حزبی شیوعی هاتە ئاراوە، بەڵام لە سەرەتای ئەم مانگەدا جارێکی دیکە کۆمەڵی ئیسلامی لە ڕێی ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە پەلاماری حزبی شیوعی و چەپەکانی دایەوە. لەبەرانبەردا ڕاگەیاندنەکانی حزبی شیوعی چەند پرسیارێکی سەبارەت بە کۆمەڵی ئیسلامی و هاوکاری دەرەکی وروژاند، بەتایبەتیش گومان لەسەر ئیمکانیاتی مالی بۆ بەڕێوەبردنی کەناڵی ئاسمانی پەیام و کەناڵە لۆکاڵیەکانی دیکەیان. لەو بەستێنەدا لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستاندا بابەتێک بڵاوکراوەتەوە کە لەکۆتاییدا نووسیویەتی:

'کاتێک شانازی بەدەنگی ئەمیرەکەتان دەکەن، باشە باس لەفایلەکەشی بکەن لەگەڵ بەعس و وێنەو بەڵگەکانیشی بڵاوکرایەوەو هیچتان نەگوت؟..شیوعیەکانیش فایلیان هەبوو، بەڵام هەموو ڕتکردنەوەی بەعسی دەستودەمخوێناوی تێدا نووسراوبوو نەک پاڕانەوە بۆ جەوازی سەفەرو پارەو پوول'